دروشمی کۆنگرەی دووەمی حزبی رزگاری کوردستان :

لەپێناو گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو، لەپێناو سپاردنەوەی دەسەڵات بە جەماوەر بۆ بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسینو لەپێناو تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

ROJIGEL ڕۆژی گەل ٧

کۆنگرەی دووەمی حزب بەڵگەی نوێبوونەوەو بەگوڕخستنی زیاتری هەنگاوەکانە رووەو ئاماجگە نەگۆڕەکانی حزب لەسەرو هەموشیانەوە سەربەخۆیی کورد.. سەبارەت بە گرنگی کۆنگرەو وێستگەی فکرییەکانی (ڕۆژی گەل) هەفپەیڤینێکی لەگەڵ هەڤاڵ (ڕێکار ئەحمەد) سکرتێری حیزب سازکرد.

دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە (٣)دا بخوێنەرەوە.

هەفتەنامەیەکی سیاسییە حزبی رزگاریی کوردستان دەریدەکات | تشرینی دووەم٢٠٠٤ ـ گەلاڕێزان ٢٧٠٤ | ژمارە: ١٢٦

راگەیاندراوی دوویەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!

کرێکاران، زەحمەتکێشان!

دۆستانو لایەنگران، ئەندامانی حزب!

حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان، لە ڕۆژانی (١٤و١٥/١٠/٢٠٠٤)دل، دووەمین کۆنگرەی خۆی لەژێر ناوی کۆنگرەی (١٣ سوارەی بادینان)و لەژێر دروشمی (لەپێناو گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو، لەپێناو سپاردنەوەی دەستەڵات بە جەماوەر بۆ بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسینو، لەپێناو تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان) بەڕێوەبرد.

سەرەتا خولەکێك راوەستانی بێدەنگ بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی رزگاری کوردستان، بەتایبەتیش بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادو بیرەوەرییەکانی ١٣سوارە شەهیدەکەی بادینان، ڕاگەیەنرا. ئەوسا بە سروودی (خۆشم دەوێی وڵاتەکەم) کۆڕی یەکەمی کۆنگرە کرایەوە، پاشان وتاری کرانەوەو بەرنامەی کۆنگرە لەلایەن ئەندامێکی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەوە پێشکەش کرا. دواتر ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، لەلایەن هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزب خوێندرایەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ڕەوشی باشوری کوردستانو عێراقو ڕۆژهەڵاتی ناڤێنو جیهانو گۆڕانکارییەکانی ٩ساڵی ڕابردوو ئاماژەیان پێکراوە. هەروەها مەسەلەی تێکۆشان بۆ یەکخستنی پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانو کارکردن بۆ یەکلایی‌کردنەوەی کێشەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، رزگارکراون، خراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو، داواکراوە کە تەواوی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان شێلگیرانە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان کار بکەنو، گوشاری خۆشیان بۆ سەر حکومەتی کاتی عێراق چڕ بکەنەوە، تا عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەو شوێنانە بنێردرێنەوە کە لێیانەوە هاتوون، لەم پێوەندییەدا ڕوونی کردۆتەوە کە بەر لە ئەنجامدانی پڕۆسەی گەڕانەوەی ئاوارانو ناردنەوەی هاوردەکان، هەر سەرژمێرو هەڵبژاردنێك بەڕێوە بچێت سەرکەوتوو نابێتو ئاکامی خراپیشی لێدەکەوێتەوە.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی تەواوی کێشەو ئاڵۆزییەکانی هەشتا ساڵەی ڕابردووی عێراق بۆ ناهاوتاییو بوونی کێماسی لە پێکهاتەی گەلی عێراقو سەردەستەبوونی فەرمانڕەوایانی ڕەگەزپەرست دەگێڕێتەوەو بۆ چارەسەرکردنیشیان پێشنیار دەکات کە نەتەوەکانی ناو عێراق، ئازادو سەرپشك بکرێن تا سەربەستانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەنو شێوە ژیانی داهاتوویان هەڵبژێرنەوە، چونکە بەدرێژایی هەشتا ساڵی ڕابردوو هیچ یەك لە نەتەوەکانی ناو عێراق ئاسوودەو بەختەوەر نەژیاون، لەم سۆنگەیەوە جارێکی دیکەش جەختی لەسەر بەڕێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاد کردۆتەوەو پشتیوانی خۆیشی بۆ بزاڤی ڕاپرسی لە کوردستان، دووپات کردۆتەوە.

ڕاپۆرتەکە گرنگییەکی زۆری بەدۆزی کوردستان داوەو ئاماژەی بەو سەرکەوتنو پێشکەوتنانە کردووە کە لە ١٠ساڵی ڕابردوودا لە بەشەکانی کوردستان، بەتایبەتیش لە باشوری کوردستاندا وەبەرهەم هاتوون، ڕوونی کردۆتەوە کە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە بازنەی تەسکی هەرێمایەتی ترازاوەو بەرەو بەجیهانی بوون هەنگاوی هەڵگرتۆتەوە، دۆستو هاوسۆزی دەرەکی زۆرتری بۆ پەیدابووە. هەروەها ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی جەختی لەسەر گرنگی ڕوودانو پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهان کردۆتەوەو هیوای خواستووە کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بکارێ وردبینانە هاوکێشە سیاسیەکانی نێودەوڵەتی بخوێنێتەوەو ڕەفتاریان لەتەکدا بکاتو بۆ بەرژەوەندی باڵای گەلو نیشتیمان دەکاریان بهێنێ.

ڕۆژەڤ

ئێمە بەر لەوەی لە ڕوانگەی لیستو لیستکاری دەسەڵات گرتنەدەست سەیری پڕۆسەی هەڵبژاردن بکەین، جارێکیتر ئەم پڕۆسە گرنگە بە ڕەخساندنی دەرفەتێکیتر بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەزانین، هەڵبژاردن پەرلەمان نوێ دەکاتەوەو ڕەوایەتی یاسایی پێدەبەخشێت دواجار دەتوانێ بڕیاری چارەنوسسازو یەکلاکەرەوە بدات، واتە بەر لەوەی پەرلەمانو هەڵبژاردن بە ڕێگایەك بزانین پارتێك یان چەند پارتێکو لایەنێك بەدەسەڵات بگەیەنێت پێمان وایە ڕێگایەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ڕاستە پارتی رامیاری بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات چێ دەبێت، بەڵام لە کوردستان پارتەکان دەبێت بەر لە هەر شتێك ستراتیژی نەتەوەیی لە دیاریکردنی مافی چارەنوس لەبەرچاو بگرن، هەر ئەم خواستەشە گرنگی هەڵبژاردنی ئەمجارە دووپاتدەکاتەوە، هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٩٢، ڕەوشتی فەتی ــ فەتی داهێناو شەڕی ناوخۆ ساز بوو، هەڵبژاردنی ئەمجارە دەبێت مەترسی تواندنەوەو گێڕانەوەی کوردستان بۆ عێراق لەبەرچاو بگرینو لە کۆنە چاڵۆ حزبایەتی تەسك دوور بکەوینەوە، هەموو گوێ بیستی ئەو دەنگە ناسازەبووین کە سەرۆکی عێراق چۆن وێستی گەلەکەمانی بە خیانەت ناوبرد، عێراقی هەڵوەشاوەو داتەپیوو نینۆکە خوێناویەکانی ڕابردووی نەماوە بەڵام زمانی بەدی سەرۆکەکەی خواستە نەگۆڕەکانی شۆفێنیزمی عەرەبیمان بۆ بەرجەستە دەکات.

ئێمەش چیتر نابێت لە خەونی خۆشی ئەوە دابین کە لە عێراقدا دیموکراتی قبوڵ دەکرێتو خواستی ملیۆنەها خەڵکی کوردستان بە خیانەت لە قەڵەم نادرێت گەر دەرفەتی دوای ڕوخاندنی ڕژێمان لەدەست دابێت نابێت دەرفەتی هەڵبژاردن لەدەست بدەین، دەبێ خەڵکی کوردستان خاوەنی پەرلەمانێکی خاوەن بڕیار بنو هەر لەپێگای دیموکراتیو یاساییەوە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بکەین کە خەڵکی کوردستان بەدەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لەمەشدا نە یاساکانی دیموکراتی دژی دەوەستنەوە نە لاوازی عێراق دەتوانێت سەرکوتی بکات.

عامـــودێ

لاوانی کورد دەستگیر دەکرێن



سەرچاوەیەکی نزیك بە هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل) ئاشکرای کرد کە لە نێوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەم، هێزەکانی ئاسایشی سوریا لە شاری عامودێ، سێ لاوی کوردیان، بە ناوەکانی جومعە حەسەنو میقداد حەسەنو نەسرەدین ئەحمەد، گرتوە. بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، ئەو لاوانە بەوە تۆمەتبار کراون کە لە ڕاپەڕینی ئازاری ئەمساڵدا بەشداریان کردووەو ڕۆڵی کاریگەرییان لە بەڕێوەبردنی ڕاپەڕینەکەدا نواندووە.

لە عیراقی نویدا

٨٩ مامۆستای زانکۆ کوژراوو بی‌سەرو شوین هەیە

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە لەسەرژمێریەکدا دەرکەوتووە ١٤ مامۆستای زانکۆ کوژراونو ٧٥ بێسەروشوێن کراون.. جگە لەوەی ١٢٠٠ مامۆستا کۆچیان کردووە بەهۆی مەترسیو کەمی مووچەوە.

ئۆجەلان:

من پشتیوانی لە (لەیلا زانا) دەکەم

عەبدوللا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی PKK لە دواین دیداری خۆیدا لەگەل پاریزەرەکانیدا گوتوویەتی کە ئەو پشتیوانی لە هەوڵەکانی لەیلا زانا بۆ دروستکردنی پارتیکی نوی دەکاتو پیشنیازیشی کردووە لەیلا پارتەکەی ناوبنی پارتی ئازادی دیموکراتی. هەروەها هۆشیاری داوەتە لەیلا زانا کە ڕیگە نەدات عوسمان ئۆجەلان لەو پارتە نزیك بیتەوەو لیی نزیك تیك بدات. ئۆجەلان لە دریژەی قسەکانیدا سەبارەت بە عوسمان (فەرهاد)ی برای گوتوویەتی، نابی عوسمان تیرۆر بکری، پیویستە ئەویش خەباتی سیاسیو ئایدیۆلۆژی بکات، پیویستە ئەویش خەباتی سیاسیو ئایدیۆلۆژی بکات، بەڵام دەبی بزانیت کە ئەمریکا جیگەی متمانە نیە، ئەمریکا نە دەیەوی PKK هەلبوەشیتەوەو نە دەشیهەوی تورکیا لە ئاژاوەدا بژیتو ئەویش کارتی کورد وەك گوشار لەدژی تورکیا بەکار بهینی.

تانکەکانی ئەلمانیا لەدژی کورد بەکاردین

کەنالی تەلەفزیۆنی (ZDF)ی ئەلمانیا لە هەواڵیکی خۆیدا بڵاوی کردەوە کە سوپای تورکیا ئەو تانکە ئەلمانیانە دژ بە کورد بەکار دەهێنی کە پەیامنێری ئەوان بە کامیرای شاراوە وێنەی ئەو تانکانەی گرتووە کە دژ بە کورد بەکارهێنراون. شیاوی باسە سالی ١٩٩٠ ئەلمانیا ژمارەیەك تانکی خۆی پێشکەش بە تورکیا کردبوو، بەو مەرجەی لەکاتی بەرگریکردندا سوودیان لێوەربگری. بەڵام تورکیا ئەو مەرجەی ژێرپێ خستووەو دژ بە هاوواڵتیانی وڵاتەکەی خۆی بەکاریان دەهێنی. لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرا کرا کە ئەلمانیا بەنیازە (٣٥٠)تانکی لیۆپارد (Leopard) بە تورکیا بفرۆشی. هەروەها ڕای گشتی ئەلمانیا سەبارەت بە فرۆشتنی ئەو تانکانە بە حکومەتی تورکیا نیگەرانەو خوازیارن کە حکومەتی بەرلین ئەو ریکەوتنە هەلوەشینیتەوە، چونکە بەدرێژایی ٢٠ سالی ڕابروو دەرکەوتووە کە سوپای تورك ئەو چەکانە لەدژی هاوواڵتیانی ولاتەکەی خۆیو بەتایبەتیش دژ بە کوردان بەکاردەهێنی. لەم پێوەندیەدا وا چاوەڕوان دەکری کە ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ داکۆکیکەر لە گەلانی ژێردەست گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر حکومەتی ئەلمانیا چرتر بکەنەوەو ناچاری بکەن کە ئەو تانکانە بە تورکیا نەفرۆشیت.